دارایی هەرێم: هیچ بڕیارکمان لەو بەغداوە لەبارەی ڕاکارەکانی خەرجکردنی موچەی ئەمساڵ بۆ نەهاتوە



وەزارەتی دارایی هەرێم ڕایگەیاند، تا ئێستا هیچ بڕیارو ڕێنماییەکیان لەو بەغداوە لەبارەی ڕاکارەکانی خەرجکردنی موچەی ئەمساڵ بەدەست نەگەیشتوە.

وەزارەتی دارایی و ئابوریی هەرێم، ئەمشەو یەکشەممە، لە ڕاگەیەندراوکدا وتی، سەبارەت بە ڕاکارکانی خەرجکردنی موچەی فەرمانبەران و موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2026، ماوەی چەند هەفتەکە چەندین لێدوان و شیکردنەوەو لێکدانەوەی نادروست لەسەر ئەو بابەتە لە بەشێک لە میدیاکانەوە باو دەبێتەوە، بەپێویستمان زانی ڕونکردنەوەی لەوبارەیەوە بدەین.

وەزارەتی دارایی وتوشیەتی، تا ئێستا لە وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵەوە هیچ بڕیارو ڕێنماییەک سەبارەت بە ڕاکارکانی خەرجکردنی موچە بۆ ساڵی دارایی 2026 نەگەیشتۆتە وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان.

جەختیشی کردۆتەوە، تا ئێستا هیچ ڕێککەوتن و بڕیارێکی نوێ بۆ دابەشکردنی موچە لە ئارادا نییە.

ئاماژەی بەوەشداوە، وەزارەتی دارایی و ئابووری هەروەک سانی پێشو بڕدوام لەسەر جێبەجێکردنی هەمو هەنگاوەکانی دابەشکردنی موچە.

بەقسەی وەزارەتەکە، "هیچ کێشەیەک لەبەردەم وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمدا نییە بۆ ناردنی ڕاپەرتی تەرازوی پێداچونەوە لیستی موچەو چاوەڕێی ئەنجامەکانی خاڵی یەکەم (واتە بۆیارو ڕێنمایی نوێ بۆ خەرجکردنی موچە لەسانی 2026)."

داواشی کردوە "هەر کەس و لایەنێک کە شارەزای ئەم ڕێککەوتن و ڕێنمایی و ڕێکارانە نییە، زانیاری هەڵە لەسەر لیستی موچەو بابەتی 120 ملیار دینارەکە بڵاونەکاتەوە، تا لەو ڕێگایەوە بیەوێت بۆ دەستکەوتی کەسی یان سیاسی یاری بەهەست و سۆزی فەرمانبەران و موچەخۆران بکات."

لەو کۆتاییشدا وتویەتی "بۆ چەندەمین جار چەند بارێی دەکەینەوە، هەر کەس و لایەنێک پێویستی بە زانیاری هەیە لەو بارەیەوە دەرگای وەزارەتمان ئاوەڵایە."